# مێشکشۆردنەوە نەک هەڵبژاردن

**ئەمجەد شاکەلی**

دیموکراتی، وەک سیستمێکی سیاسی، لە گەلێک لە وڵاتانی جیهاندا پێڕۆ دەکرێت. لە نێوان هەر وڵاتێک و یەکێکی دیکەدا، جیاوازییەکی لەبەرچاو لە پێڕۆکردنی دیموکراتیدا وەدی دەکرێت. دیموکراتی، گەلێک جۆری هەیە و لە شێوەی جیاوازدا خۆ دەنوێنێت. لە هەندێک جێگە دیموکراتی سۆسیالیستی و لە هەندێکی دیکەش دیموکراتی لیبەراڵ یا دیموکراتی کۆنسەرڤاتیڤ هەیە. ئەگەر دیموکراتی بە واتای دەسەڵاتی گەل و خەڵک بێت، ئەوا ئێستاکە لە هیچ کونجێکی ئەم جیهانەدا دیموکراتییەکی ڕاستینە وەدی ناکرێت. ئەگەر دیموکراتییەکی ڕاستینە هەبێت، ئەوا تەنێ ئەو جۆرە دیموکراتییەیە، کە گەل، خەڵک دەتوانێت ڕاستەوخۆ خاوەنی دەسەڵات بێت و ڕاستەوخۆ بڕیار لە سەر هەموو شتێک بدات و ڕاستەوخۆ بڵێت "ئەرێ" و ڕاستەخۆیش بڵێت"نا"، ئەوەیش "دیموکراتیی ڕاستەوخۆ"یە. لەو بەنێو دیموکراتییانەی ئەوڕۆ لە جیهاندا هەن، مرۆڤ وەک تاک، چ حیسابێکی بۆ ناکرێت و چ گرنگییەکی پێنادرێت و دەخرێتە چوارچێوەی پارتی(حیزب)ێکەوە و دەبێتە بەشێکی گچکەی لەشێکی زلی ئەو پارتییە. مرۆڤ وەک تاک، کە بوو بە ئەندامی پارتییەک، بە دەستی خۆی و بە هەڵبژاردنی خۆی و بە ئامادەیی خۆی، دەستبەرداری سەربەخۆیی تاکەکەسیی خۆی، لە بڕیاردان و دید و بیرکردنەوەی سیاسییدا دەبێت و ئارەزوومەندانە، مێشکی خۆی دەداتە دەست کۆمەڵێک کەسی سەرەوەی خۆی، کە ڕەنگە لە نێو پارتییەکەدا، بڕێک فرەتر چووبنە پێش. لە وەها گەمەیەکدا، تاک تەواوی کەسیەتیی خۆی دەکاتە سووتەمەنی مەکینەی حیزب. تاک هەمیشە دۆڕاوە و بەرندەیش هەمیشە حیزبە. حیزب نوێنەری گەل و خەڵک، تەواوی گەل و تەواوی خەڵک نییە، بەڵکە نوێنەری بیروباوەڕێک، هزرێک، ئایدیۆلۆژیایەکە و چەند کەسێک پێکهاتوون لە سەر دامەزراندنی. حیزب، کە دادەمەزرێت بۆ وەدیهێنانی ئامانجێک دادەمەزرێنرێت و دەکرێت تەنێ وەک ئامرازێک و بەردەبازێک، بۆ گەیشتن بە مەبەستێک چاوی لێ بکرێت، نەک وەک کارگێڕی و دامەزراو و هێز و سەرمایە و دارایی و دەسگای سەرکوتکردن و تاساندنی مرۆڤ و ئازادی. حیزب، کە دەسەڵاتی گرتە دەست، ئیدی ئامرازیەتی و بەردەبازیی خۆی لەدەست دەدات و ڕێک دەبێتە کارگێڕی و دامەزراو و هێز و سەرمایە و دارایی و دەسگای سەرکوتکردن و تاساندنی مرۆڤ و ئازادی. ئەوە پێکهاتە و کرۆکی هەموو حیزبێکە لەم جیهانەدا. سیستمی پەرلەمانی، کە لە دیموکراتییەوە سەرچاوە دەگرێت، سیستمێکە لە سەر بنەمای نوێنەرایەتیی دامەزرێنراوە و مرۆڤ کەسێکی دیکە بە نوێنەری خۆی بۆ ئەو پەرلەمانە هەڵدەبژێرێت و ئەو کەسە لەو کۆڕەدا بە نێوی مرۆڤەکەی وڵاتەوە و بە نێوی گەل و خەڵکی وڵاتەوە قسان دەکات. لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانیشدا ئەوڕۆ، ئەو نوێنەرانە کەسانێکن ئەندامی حیزبەکانن و ئەوانن، کە گەل و خەڵک و تاکەکان گەرەکە

دەنگیان بۆ بدەن. کە تاک دەستبەرداری ئەو مافەی خۆی بوو لە نوێنەرایەتییکردنی خۆی و کەسێکی دیکەی کردە نوێنەری خۆی، ئیدی هیچ مافێک بۆ خۆی ناهێڵێتەوە و ڕدێنی خۆی دەداتە دەست کەسانێکەوە، کە حیزب دایناون و حیزب هەڵیبژاردوون و حیزب دەیەوێت بیانکاتە نوێنەری خەڵک و حیزب دەیاننێرێتە نێو پەرلەمانەوە. ئەو نوێنەرانە، کە بە نێو نوێنەری خەڵک و گەلن، لە ڕاستیدا نوێنەری حیزبن و تەواوی فەرمان و هزر و بڕیاریان لە حیزبەوە بۆ دێت و فەرمان و هزر و بڕیاری حیزب پێڕۆ دەکەن. ئەو نوێنەرانە بە موو لە فەرمان و هزر و بڕیاری حیزب لانادەن و هەرگیز پشتی حیزب بۆ گەل و خەڵک و تاک نادەن بە زەویدا، بەڵکە بە پێچەوانەوە بۆ بەرژەوەند و سوودی حیزب ئامادەن گەل و خەڵک و تاک لەنێو ببەن و بنبڕ بکەن. ئەوان دژی گەل و خەڵک و تاک دەوەستنەوە و هەمیشە لەگەڵ حیزبدا دەبن. ئەوان کوێرانە و بێ هیچ بیرکردنەوەیەک، شوێنی حیزب و سەرۆکی حیزب و مەکتەبی سیاسیی حیزب و سەرکردەیەتیی حیزب و هێڵی حیزب و ئایدیۆلۆژیای حیزب دەکەون و چەپڵەیان بۆ لێدەدەن و هەموو کردار و گوتار و بۆچوونێکی ئەوانیان پێ ڕاستە و هی تاک و خەڵک و گەلیان پێ هەڵەیە، تەنانەت ئەگەر تەواوی تاک و خەڵک و گەلی وڵاتیش، حیزب و سەرانی حیزب و دیدی حیزبیان پێ هەڵە بێت. بەحیزبیبوون، دەکاتە بوونە بورغوو بە لەشی ماشێنێکی زەلامەوە و بوونە بەشێکی بچکۆلەی جەستە و یەکەیەکی زەلام و بوونە ژمارەیەک لە نێو یەک کۆمەڵە ژمارەی دیکەدا. پەرلەمان، ئەگەر نوێنەری زۆرینەی گەل و خەڵک و تاکەکانیش بێت، کە لە ڕاستیدا وەهایش نییە، ئەوا هەر دەکاتە دیکتاتۆریی زۆرینە. حیزب، هەر حیزبێک، کە چاوی لە دەسەڵاتگرتنەدەستە، هەمیشە ڕاوەدەنگ دەکات و هەمیشە دەیەوێت فرەترین خەڵک لە خۆ خڕکاتەوە. حیزب بەڵێنی زۆر دەدات و کەمێ جێبەجێ دەکات. حیزب هەر کارێکی دەیکات، بە سوودمەند و چارەنووسساز و خزمەتکردنی خەڵک و قازانجی نیشتمان و کێشەی نەتەوە و مێژووی وڵات و شەرەف و وڵاتپارێزی و...بە خەڵکی دەفرۆشێتەوە بەچاوی خەڵکیدا دەداتەوە. حیزب تاک دەکاتە قوربانیی هەموو بەرژەوەندەکانی خۆی. تاکی حیزبی، مرۆڤێکی کۆککراو و قورمیشکراوە و ئامادەیە بۆ حیزبەکەی ببێتە سیخوڕ و نۆکەر و مرۆڤکوژ و لە ساتەوەختێکیشدا، کە کارەکانی باش نەڕۆن و پشتگوێ بخرێت دەتوانێت پاشقول لە حیزبەکەی خۆی بگرێت و لە پشتەوە لێی بدات و هەرچی ئایدیۆلۆژیای حیزبەکەیشیەتیی پۆخڵ و پیس بکات و بیخاتە ژێر گومانەوە. حیزب ئامێر و ماشێنێکی زەبەلاحی مێشکشۆردنەوەیە و تاک و ئازادی تاک و ئازادی بیروباوەڕ، دەبێتە خۆراک و وزەی کارکردنی و چەند ملئەستوورێک لە سەرێڕا بەڕێوەی دەبەن و بڕیاری بۆ دەدەن و هەوسارەکەی دەگرنە دەست و تاکەکانی خوارێیشی دەبنە پەیژە بۆ سەرکەوتن و هەڵکشان و خۆشگوزەرانیی سەرانی. حیزب هەر کە ویستی هەرچی ئەندام و هەواداریەتی دەخاتە گەڕ و دەیاندا بە گژ هەر کەسێکی بیەوێت. حیزب ، کە لە تەنگژە و بارێکی نالەباردا بوو و تووشی هەڕەشەلێکردن بوو، هەرچییەکی دەیکات و دەیڵێت، دەیخاتە چوارچێوەی داکۆکی لە نیشتمان و خوێنی شەهیدان و وڵات و نەتەوە و خاک و بەهابەرزەکان و بوونی نەتەوە و مان و نەمان و دەیان دروشمی زەقی دیکەوە و هەرچی شتی ناشیرین و دزێو و خراپەکاریشە دەیداتە پاڵ لایەنی نەیاری بەرانبەری.

*****

15ی دیسەمبەری 2005، هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عیراق دەکرێت و باشووری کوردستانیش، چونکە سەرکردەیەتیی سیاسیی ئەوێ، کردییەوە بە بەشێکی عیراق، ئەویش بەشێکە لەو هەڵبژاردن و دەنگدانە. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان، هەر لەم ساڵانەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسدا، وا چەندین جارە گەلی کوردستان دەخەنە سەما و دەیانبەنە بەردەم سنووقەکانی دەنگدان. ڕۆژێک بۆ پەرلەمانی کوردستان و عیراق و ڕۆژێک بۆ دەستووری عیراق و ڕۆژێک بۆ پەرلەمانی عیراق. لە تەواوی ئەو هەڵبژاردنانەدا، دەسەڵاتدارانی کوردستان، دەنگدانیان کردووەتە نیشانەی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی و شەرەف و بە نێوی "دەنگتان ئایندەیە" و "دەنگتان چارەنووسسازە" و "دەنگتان گێڕانەوەی کەرکوکە" و "دەنگتان پاراستنی دەسکەوتەکانە" و "دەنگتان وەدیهێنانی خەونەکانە" و "دەنگتان ڕێزگرتن و بەرزڕاگرتنی خوێنی شەهیدانە" و "دەنگتان ئارامکردنەوەی گیانی شەهیدانە" و "دەنگتان شەرەفە" و ..پێچەوانەکەیشی، واتە: "دەنگنەدان"یان کردووەتە، خیانەت و بێشەرەفی و نادڵسۆزی و نەمان و لەنێچوون و دۆڕانی دەستکەوتەکان، وەک بڵێی هێندەیان دەسکەوت بۆ کوردستانییان وەرگرتبێت، کە ئیدی هیچ پێویستییەکی دیکەیان نەمابێت. دوور لە هەموو نەریت و ڕێسایەکی هاوچەرخ و تازەگەری و تەنانەت بە پێوەری دیموکراتییەک، کە ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە بۆ خۆیان بڕوایان پێیەتی، تەواوی میدیاکانی کوردستانیان کردووەتە بڵندگۆیەک، تەنێ بۆ خۆیان و دەنگی خۆیانی لێوە هەڵدەبڕن و بانگاشە بۆ لیستی ژمارە 730ی خۆیان دەکەن. بێگوێدانە هیچ پرنسیپێکی دیموکراتییانە، وەک خۆیان بانگاشەی بۆ دەکەن، بیستوچوار سەعاتە، مەکینەی مێشکشۆردنەوەیان خستووەتە گەڕ و مێشکی خەڵکی کورد دەشۆنەوە و داوایان لێ دەکەن، دەنگ بۆ ئەو لیستەی خۆیان بدەن. ئەو حیزبانە ڕێگەی بیرکردنەوە و وردبوونەوە و لێتۆڕین و خوێندنەوەیان لە تەواوی خەڵکی کورد داخستووە و بە هەوەس و ئارەزووی خۆیان مێشکی تاکی کورد دەجەڕێنن و دەیشۆنەوە و بە پڕۆپاگەندەی تەسکبیر و یەکلایەنە و بەرچاوتەنگی حیزبیی خۆیان تژی دەکەن. ئەوان هیچ بوارێک بە خەڵکی کورد نادەن و لێناگەڕێن خەڵک بۆ خۆی بیر بکاتەوە و لە ئەنجامی بەراوردکاری و خوێندنەوەی خۆیدا بگاتە ئەنجام. ئەوان بە خەڵک دەڵێن:"کەروێشکت دەوێ کەروێشک ببە، ئاسکت دەوێ کەروێشک ببە"[1]، واتە: گەل، خەڵک و تاکی کورد، تاکە یەک ڕێگەی لەبەردەمدایە، ئەویش هەڵبژاردنی لیستی 730ی ئەوانە، چونکە ئەوەی ئەو لیستە هەڵنەبژێرێت، ئەوان(دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان و خێڵی لیستی 730)، مۆری خیانەتکاری و بێشەرەفی و نانیشتمانپەروەری و دەیان شتی دیکەی نابەجێی پێوە دەنێن و نانی دەبڕن و لە کار وەدەری دەنێن و خۆی و خزم و کەسی و تەنانەت ئەوەیشی بە خوێی چێشت پێی بگا، دەخەنە بەرگومان و ژێر چاودێرییەوە و وەک لادەر و دژەحیزب و دژەنیشتمان لێی دەنۆڕن. میدیاکانی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە گەلێک نائۆبژێکتیڤانە خەڵک دەخەنە گەڕ و هانی خەڵک دەدەن بۆ دەنگدان. لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا، ئەوەی بڕێک بە تەنگ ئازادی تاک و کرانەوەی مێشک و هزر و بیروڕای جیاواز و ئازادی ڕادەربڕینەوە بێت، هەرگیز وەها ڕەوتار و کردارێکی وەک ئەو جۆرەی

---

[1] کوردیی گوتەیەکی عەرەبییە کە دەڵێ:"ترید أرنب أخذ أرنب، ترید غزال أخذ أرنب".

دەسەڵات لە باشووری کوردستاندا ئەنجامی دەدات و دەیکات، وەدی ناکرێت. ئەوان کارێکی وا لە خەڵک دەکەن، کە هیچ دەرچەیەکیان بۆ ناهێڵنەوە و وایان لێ دەکەن، کە هەر دەبێ دەنگ بە وان و بە لیستی وان بدەن. بە پرۆپاگەندەیەکی دەیکەن، تەواوی پرۆسێسی دەنگدانیان لە خەڵکی کوردستان کردووەتە کارێکی ئاکارەکی و شەرافەتمەندانە و کاریگەرییەکی سایکۆلۆژییانەی ئەوتۆیان هێناوەتە گۆڕێ و کردووەتە سەر تاکی کورد و گەلی کوردستان، کە خۆ بە بەرپرس بزانێت و پێیوابێت دەنگدانی ئەرکێکی مەزنە و دەنگنەدانی خیانەتێکی مەزنە و بەو جۆرەیش چەمکی گوناه و سزا بێتە گۆڕێ و تەنانەت تەواوی کارەکان بەرگێکی ئایینییان بەبەردا بکرێت. لەبەرچاوترین و زەقترین کارێکی نادیموکراتییانە و نا هاوچەرخانەیشی حیزبانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەیکەن، هێنانەگۆڕێی هاوکێشەیەکی چەوت و هەڵە و ناڕاستە، کە دەنگدان بە لیستی 730ی دەنگدانە بە کورد و بە کوردستان، واتە: کورد و کوردستان دەخەنە تایەکی تەرازوویەکەوە و لیستی 730یش دەخەنە تایەکەی دیکەیەوە. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە لیستی 730 یەکسانە بە کورد و کوردستان و هەردوو هاوتای یەکترن. ئەوەی لە کوردستان نێوی هەڵبژاردنی لێ دەنرێت، هەڵبژاردن نییە، بەڵکە دەنگدانە بە سەرکردە سیاسییەکانی ئەوێ. گەل، خەڵک و تاکی کورد، دەنگ بە سەرکردە دەدەن و بۆ خۆیان هیچ بۆچوونێکی جیاوازیان نییە.

دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، بانگاشەی دیموکراتی و فرەیی دەکەن، کەچی لە هەموو ئاخاڤتن و گوتارێکدا و لە تەواوی میدیا کۆنترڵکراوەکانی خۆیانەوە، هێرش دەکەنە سەر یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، تەنێ لەبەر ئەوەی ئەو حیزبە لە لیستی 730یدا نییە و خۆی لەو حیزبانەی دەسەڵات دابڕیوە. میدیاکانی دەسەڵات نەک هەر هێرش، بەڵکە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەخەنە خانەی تەوژمگەل و ڕەوتە ناکوردستانی و توندڕۆکانی وەک ئەلقاعیدە و زەرقاوی و ئیسلامییەکانی تورکیا و ئیخوانولموسلمین و ئەوانەوە، لە کاتێکدا کە بۆ خۆیان لەگەڵ ئیسلامییانی تورکیادا هاریکارییان هەیە و لەگەڵ گرۆ و دەستە چەکدارەکانی عیراقی بە ئیسلامی و کەونە بەعسییانیشەوە، کە دژی ڕێژیمی ئێستا و سەر بە ڕێژیمی بەعسن، قسان دەکەن و دادەنیشن و گوێیان بۆ ڕادەدێرن. ئەوان هەر بە هێرشی زارەکی و پرۆپاگەندەوە بەرەوڕووی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نەبوونەوە، بەڵکە گەیاندیانە تەقە و کوشتن و سووتاندنی بنکە و بارەگاکانیشیان.

لە هەرکوێیەکی ئەم جیهانە، کە سیستمی پەرلەمانیی تێدا پێڕۆ دەکرێت، ڕێگە لە هیچ دەستە و گرۆیەک ناگیرێت، چ تێکەڵ بە بەرەیەک بن و چ بۆ خۆیشیان بە تەنێ بێنە مەیدان، بۆ خۆنێودێرکردن و بەشداربوون لە هەڵبژاردندا. تەنانەت خەڵکانی سەر بە ڕەوت و تەوژمی نازیزم و فاشیزم و توندڕۆ و ڕەگەزپەرستانیش بۆیان هەیە بەشدار بن. نموونەی ئەوانەش ژان-ماری لوپێن (Jean- Marie Le Pen)ی بەرەی نەتەوەیی(Front National) فرانسا و پارتیی سۆسیالیستی نەتەوەیی(Nationalsocialistiska partiet) و نۆدیموکراتی (Demokrati Ny) لە سوێد، کە لە پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانییەکانی فرانسا و سوێددا هەبوون و هەن و دەسەڵاتدار بوون. هەر هیتلەری نازیست بۆ خۆی بە هەڵبژاردن هاتە سەر کار. ئەگەر بەلای خەڵکانێکەوە هاتنە سەرکاری وەها کەسان و

وەها پارتیگەلێک هەڵە بێت، ئەوا بەلای منەوە ئەوەی پێی دەگوترێ پەرلەمانتاریزم و هەڵبژاردن، وەک سیستم بۆ خۆی هەڵەیە و ناتەواوە و دەربڕی خواست و ئارەزوو و پێویستییەکانی مرۆڤ چ وەک تاک و چ وەک کۆ نییە.

لە باشووری کوردستان ساڵانێکە هەڵبژاردنی پەرلەمان و دەنگدان کراوەتە نەریتێک و چەند حیزبێک بەشداریی تێدا دەکەن. بە گوێرەی دروشم و بانگاشەی ئەوانەی سەرپەرشتی پرۆسێسی هەڵبژاردن دەکەن، دیموکراتی و ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی هەڵبژاردن بۆ هەموو تاکێکی باشووری کوردستان مسۆگەرە و کەس ڕێگر نییە لەوەی، کە خەڵک دەنگ دەدات یا دەنگ نادات و دەنگ بە کێ دەدات و دەنگ بە کێ نادات. ئەوەی ئێستا وەدی دەکرێت، تەواوی ئەو بانگاشانەی حیزبانی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان دەیکەن، گەلێک لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە ئەوان خۆجوێکردنەوەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان پێ هرس نەکرا و کەوتنە وێزەی و بە ڕۆژی نیوەڕۆیش دژی قسان دەکەن و پرۆپاگەندەی خراپی بۆ دەکەن. حیزبانی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان، هەر بەو شێوە بەرە و چەترەی، کە بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عیراق، دروستیان کردووە و هەموو حیزبە گچکانی دیکەیشیان خستووەتە ژێر باڵی خۆیانەوە، دیموکراتییان پێشێل کردووە و کارێکی نادیموکراتییان ئەنجام داوە. ئەوان بۆیە بەرەیان دەوێ و بۆیە چەتر دروست دەکەن و بۆیە لە یەکگرتنێکدا وێکڕا دەچنە هەڵبژاردنەوە، تا خۆیان ڕێبەر بن و خۆیان بڕیاردەر بن و خۆیان جڵەوی ئەو ڕێکخستنەیان بە دەست بێت و چۆنیان بووێت وای لێ بکەن و بۆ کوێیان بووێت بیبەن. ئێستا، کە یەکگرتووی ئیسلامی لەو بازنەیە هاتووەتە دەرێ، کە مافێکی ڕەوای خۆیشیەتی، ئەوەتا بەو دەردەی دەبەن. ئەمە چ ئازادی و دیموکراتییەکە لە کوردستان پێڕۆ دەکرێت!

لیستی 730ی، کە لیستی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستانە(پارتیی و یەکیەتی) لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسەوە بێجگە لە داتەپاندن و داڕووخانی ژێرخانی ئابووری باشووری کوردستان، چەسپاندنی دوو کارگێڕی و دوو حوکوومەتی، دزی، گەندەڵی، بێئاوی، بێئەلەکتریکی، گرانی، نایەکسانی، نادادی، تاساندنی دەنگی جیاواز و...دەیان بەدبەختیی دیکە، ئەوەی ئەوان بۆ خەڵکی باشووری کوردستانیان هێناوەتە دی و بە دەسکەوتێکی گەلێک مەزنی دادەنێن: گێڕانەوەی باشووری کوردستانە بۆ ئامێزی عیراق و عیراقیش بۆ ئامێزی نیشتمانی عەرەب. ئەوان باشووری کوردستانیان عیراقاندەوە. ئەوان بۆ خۆیان و بەو دەستوورە شڕ و گۆجەی، کە سەری زۆرینەی کوردیان پێ شۆڕ کرد و بە ملکەچی هێنایاننە بەردەم سنووقەکانی دەنگدان و بە "ئەرێ" دەنگیان بۆ پێ دان، بە قانوون و بە ئارەزوو و خواستی خۆیان و تەنێ لە پێناوی بەرژەوەندە نەخۆشەکانی خۆیاندا و لە پێناوی چەند کورسییەکی وەزارەت و پەرلەمان و بەغدادا، باشووری کوردستانیان کردەوە بە عیراق و گەلی باشووری کوردستانیشیان کردەوە بە عیراقی و عیراقیەتییان بۆ باشووری کوردستان کردە نیشانە و چەسپاندیان. ئەوان بە عیراقیاندنەوەی گەلی باشووری کوردستان و باشووری کوردستان، دەستبەرداری کوردستانیەتیی کەرکوک و مووسڵ و بەشە کوردستانییەکەی دیالا و کووت بوون. ئەوان تەنێ لەبەر دڵی ئەمەریکای داگیرکار، کە بۆ خۆیان بە ڕزگارکار نێوی دەبەن و بۆ نەڕەنجاندنی دڵی ئەوان و هاوپەیمانانیان، ئامادەی هەموو جۆرە بچووکییەک و خۆنەویکردنێک و خۆسووککردنێکن، ئەگەر بە فرۆشتن و دەستبەرداربوون لە هەموو کوردستانیش تەواو بووبێت و ببێت. ئەو بچووکی و خۆنەویکردن و خۆسووککردنە، نەک هەر بۆ ئەمەریکا، بەڵکە بۆ وڵاتانی عەرەب و کۆمکاری عەرەب و عەرەبانی

عیراق و دەوڵەتی تورکیا و تەواوی ناکوردانی دیکەیشی دەکەن. ئەوان پردی گێڕانەوەی بەعس و ئەفسەران و فرۆکەوانانی بەعس و ڕاوێژکاران و کەونەجاش و ئەنفالکاران و تالانکارانی کورد و کوردکوژانن، بۆ کەناری ئارامی و گیان بەبەردا کردنەوەیان.

گەلی باشووری کوردستان، تاکە یەک ڕێگە چارەی لە بەردەمدایە و نابێتە دووان، ئەویش خۆدابڕینە لە هەموو شتێکی عیراق و عیراقیانە و عیراقیەتی. بەشداربوون لە هەر شتێکی عیراقدا لەوەی زیاتر، کە باشووری کوردستان و گەلەکەی پتر و پتر بە عیراقەوە دەلکێنێت، هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت. دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئەگەر بەتەنگ کوردستانیەتی گەلی باشووری کوردستان و بەتەنگ خواستی سەربەخۆیی و ئازادی باشووری کوردستانەوە بووبان، هەرگیز بەمجۆرەیان نەدەکرد و ئەگەر بۆ یەک جاریش بووایە نووزەیەکیان لێوە دەهات و یەک تۆپەڵە"نا" یان بە نێوچاوانی عیراقییان و داگیرکارانی عیراق و نەیارانی کورددا دەماڵی، لێ ئەوان هەرگیز وەها کارێکیان نەکردووە، بەڵکە زۆر خۆشحاڵانە و کەیفساز و دەم بە خەندەوە بەرەوپیری هەموو داخوازی و ویستەکانی عیراقییان و داگیرکارانی عیراق و نەیارانی کوردەوە چوون و لەبری یەک"ئەرێ" و تەنێ "ئەرێ"ی خۆیان، هەموو کوردیشیان، بە دەمچەورکردن و نانبڕین و هەڕەشە، فێرە "ئەرێ" کردووە. دەنگدان بە لیستی 730ی، دەنگدانە بە دوو زلحیزبی (پارتیی و یەکیەتیی)دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان. ئەو دوو زلحیزبە دەسەڵاتدارە، بە هۆی دەسەڵات و هێز و سیخوڕ و نۆکەر و کرێگرتە و سەرمایە و دارایی و سامانێکەوە، کە هەیانە، کۆنتڕۆڵی هەرچی بوارێکی ژیانە لە کوردستاندا کردوویانە و دەیکەن. ئەوان هەرچەندی بانگاشەی دیموکراتی بکەن و خۆ بە هاوچەرخ و نوێخواز و...بدەنە ناسین، هەرگیز ڕێگە بە گەشەکردن و ملانێی هیچ هێزێکی دیکە نادەن لە کوردستاندا. تۆ دەنگ بدەیت و دەنگ نەدەیت، ئەوان بەرندەن و ئەوانن دەچنە پەرلەمانەوە و ئەوانن حوکوومەت پێکدەهێنن و ئەوانن فەرمانڕەوایی دەکەن و ئەوانن بە تەواوی سامان و چارەنووسی باشووری کوردستان وازی دەکەن، چونکە ئەوان داردەستی گەورە ئاغاکانی فەرمانڕەوایانی ڕاستینەی ئەو دەڤەرەی لەمەڕ خۆمانن. هەر دەنگێک بە لیستی 730 بدرێت، دەچێتە گیرفانی دوو زلحیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستانەوە و جێی ئەوان بەهێز دەکات و حیزبە گچکەکانی هاوپەیمانیشیان وەک هەموو جاران لە پەراوێزاندن زیاتر هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە. هەر دەنگێک بە لیستی 730 بدرێت، پاراستن و هێشتنەوە و پتەوترکردنیی دەسەڵاتی ڕێبەریەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان مسۆگەر دەکات و ئەوان دەوڵەمەندتر دەکات و دوولەتیی کارگێڕیی باشووری کوردستان پتر دەچەسپێنێت و هەرچی خواست و ئارەزووی هەردوو زلحیزبە باشتر و ئاسانتر دێنە دی.

لە وڵاتگەلێکی وەک ئەمەریکا و ئینگلستان و ئیسرائیل، کە باسی هەڵبژاردن و دەسەلات دێتە گۆڕێ، تەنێ نێوی "دیموکرات و کۆمارییەکان" لە ئەمەریکا و "پارێزگاران و کارگەران" لە ئینگلستان و "لیکوود و کارگەران" لە ئیسرائیل، بەرگوێ دەکەوێت و مرۆڤ هیچ نێوێکی دیکە نابیسێت و مرۆڤ وا تێدەگات، کە ئیدی لەو پارتییانە زیاتر کەسی دیکە نییە. فەرمانڕەوایی و دەسەلات لە نێوان ئەو دوو پارتییانەدا، لە هەر یەکێک لەو وڵاتانە، دێت و دەچێت. ئەو پارتییانە ڕەوشێکی دووفاقی، دووانەیی(Dualism)یان هێناوەتە گۆڕێ، کە بارێکی نەگۆڕ و

چەسپاوی ئافراندووە. ئەو پارتییانە سیاسەتی ئەو وڵاتانەیان کۆنترۆڵ کردووە و هەر ئەوانن لە هەڵبژاردنەکاندا دەبەنەوە و دەدۆڕێن و دێن و دەڕۆن و دەسەڵات دەگرنە دەست و دەسەڵات جێدەهێڵن. ئەوەی لەو وڵاتگەلە لە هەڵبژاردنەکاندا دەشدۆڕێت دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن و ئیدی چاوەڕێی هەلێکی دیکە دەکات بۆ هاتنەوە سەر تەخت. ئێستا لە باشووری کوردستانیش، لەو دوو زلحیزبەی پارتیی و یەکیەتیی زیاتر، هیچ حیزبێکی دیکە خاوەنی دەسەڵات نییە. ئەو دوو حیزبەیش هەردوو خاوەن دەسەڵاتن و هیچ یەکێکیان بە بوونە ئۆپۆزیسیۆن قایل نییە و هەردوو هەر دەبێ خاوەن دەسەڵات بن. ئەو دوو حیزبە، کە باس لە هەڵبژاردن و دیموکراتی دەکەن، خۆیان لەگەڵ ئەمەریکا و ئینگلستان و ئیسرائیلدا بەراورد دەکەن و کۆڵێک سەرسامن بەوان و خۆ بە شاگردی ئەوان دەزانن لەو بارەوە، لێ بێ قایلبوون بەوەی دەستبەرداری دەسەڵات ببن و ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن وازی بکەن. دیموکراتیی پەرلەمانی بە من ساختەکارییەکە و پێیشموایە ئەوەی لە ئەمەریکا و ئینگلستان و ئیسرائیلیش نێوی هەڵبژاردن و دیموکراتی لێ دەنرێت، تەنێ گەمەیەکی سیاسیی نێوان کۆمپانیا سەرمایەدارییەکان و بنەماڵەکان و هێزە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتانەیە و بە لاچوونی حیزبێک و هاتنەسەرکاریی حیزبێکی دیکەیش، هیچ لە ڕەوشە گشتییەکە ناگۆڕێت و هێڵە بنەڕەتییەکانی سیاسەتەکان هەر یەک شتن و نەگۆڕن. هەردوو زلحیزبی باشووری کوردستان، تەنانەت ئەو دەرفەتەیشیان نەهێشتووەتەوە، کە وەک ئەوانەی ئەمەریکا و ئینگلستان و ئیسرائیل بکەن و هەر هیچ نەبێت جارجار جێگە بۆ یەکدی چووڵ کەن. دەنگدان بە لیستی 730، دەنگدانە بە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن و دەنگدانە بە سیاسەتێکی یەکلایەنەی هەردوو زلحیزبی باشووری کوردستان و دەنگدانە بە دوو بەرەباب و پتر چەسپاندنیان و ڕزگارنەبوونە لە چەمکی خێزان و خزم و بنەماڵە و هۆزگەرایی لە سیاسەتی کورددا. بێجگە لەوانەیش دەسەڵاتداریەتیی باشووری کوردستان و حیزبانی دەسەڵاتدار و تەواوی لیست و ناو و کەسانێکیشی، کە ئەوان دەیانەوێت بە نوێنەری خەڵکی باشووری کوردستانییان، دانێن و لەقەڵەم بدەن، ئەو خەڵکە پاشەڵپاک و خاوێن و پەرێزبێگەرد و فریشتەئاسایانە نین، کە بۆ خۆیان دەیانەوێت پێشانیان بدەن و بە خەڵکیان بناسێنن، بەڵکە چەندین کەونەبەعسی و عیراقچی و هەواداری ڕێژیمی بەعس و پاشکۆی جاش و گرێدراوی دەسگا سیخوڕییەکانی بەعس و گرێدراوی بیر و دیدی خێڵ و هۆز و گرێدراوی توندڕەویی ئایینی و جاشزادە و...ئەوانەیان تێدایە و مرۆڤیش، کە دەنگ دەدات، دەنگ بە هەموو لیستەکە دەدات، بەو کەسانەیشەوە. وەها کارێک دەکاتە تێکەڵکردنی خاوێن و قرێژ و ئەوەی تۆزێک گیانی وڵاتپارێزی تێدایە لەگەڵ ئەوەیشی، کە هەر بەلای ئەو باسەدا ناچێت و وڵات و هەرچی پیرۆزییەکە بە مشتی پارە دەگۆڕێتەوە.

حیزبانی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان پێیانوایە بەوەی سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوە و چەند وەزارەتێکی دیکە و چەند ئەندام پەرلەمانێکیان لە بەغدا هەیە، ئیدی بۆ خۆیان خاوەنی بەغدان و هەموو شتێک بەدەستی ئەوانە. ئەوەی ئەوان لەبیری خەڵکی دەبەنەوە ئەوەیە، ئەوان بەو بەشداربوونەیان لە بەغدا بوونەوە بە عیراقی و عیراقیش بە پێی عیراقییان و عەرەب و دەستوور و تەنانەت سەرانی کوردیش بەشێکە لە جیهانی عەرەب و نیشتمانی عەرەب. ئەوان بەو پێیە، هەرچەندە بە کوردییش قسان بکەن، سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوەیەکی عەرەبن و هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ سەرۆک و وەزیرانی وڵاتانی دیکەی عەرەبدا نییە. ئەو خزمەتەی سەرۆککۆمارێکی بەڕەچەڵەک کورد و وەزیری دەرەوەیەکی بەڕەچەڵەک کورد بە عیراق و نەتەوەی عەرەب و عەرەبایەتیی عیراقی دەکەن، هەرگیز بە کەسانێکی عەرەب بۆ خۆیان ناکرێت. سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوەی عیراقی(هەردوو بەڕەچەڵەک کورد)، ئەگەر بەخۆ بیانزانیبا و بزانن و کورسی لە خشتەی نەبردبان، لەوە دەگەیشتن،

که بەخشینی ئەو دوو پۆستە بە دوو کورد، گەورەترین سووکایەتیکردنە بە کورد و باشترین خزمەتکردنە بە عەرەبایەتیی عیراق و عیراقییاندنەوەی کورد.

خەڵک، گەل و هەموو تاکێکی باشووری کوردستان، ئەوانەی دەسەلاتی دەسەڵاتدارانی ئەو دەڤەرەیان بە سەرەوە نییە و دەتوانن بێترس ڕای خۆیان دەربڕن، ئازادن لەوەی دەنگ دەدەن یا دەنگ نادەن و ئازادن لەوەی دەنگ بە کام لیستیش دەدەن، لێ بە من، دەنگدان بۆ خۆی یاری و پینەوپەڕۆیەکە و هیچ جۆرە پینەوپەڕۆیەکیش دەردەکانی گەلی کوردستان تیمار ناکەن. گەلی کوردستان یەک ڕێگەی لەپێشدایە و چ هەڵبژاردنێکی دووەمیشی نییە، ئەویش خۆتەیارکردنە و بڕیاردانی جوێبوونەوەی تەواوی باشووری کوردستانە لە عیراق و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان.

هەر دەنگدانێک باشووری کوردستان بەرەو ئەو ئاقارە ببات، با خەڵک دەنگی بۆ بدات و هەر دەنگدانێکیش تەنێ خزمەتی عیراقییاندنی گەلی کوردستان بکات، با خەڵک و گەل و تاکەکانی باشووری کوردستان دژی ببنەوە و هەوڵی ڕووخاندنی ئەو هێزانەیش بدەن، کە کوردستان دەعیراقێنێت، دەتورکیایێنێت، دەئێرانییێنێت، دەسووریاییێنێت.

بەشداربوون لە هەموو کایە سیاسییەکانی عیراق و پرۆژەی عیراقیاندنەوەی باشووری کوردستاندا، دۆڕانێکی گەورەیە بۆ پرسی کوردستانیەتیی و سەربەخۆیی کوردستان. خۆدابڕین و بەشدارنەبوون و خۆجیاکردنەوە، لە هەموو کایە سیاسییەکانی عیراق و پرۆژەی عیراقیاندنەوەی باشووری کوردستان، سەرکەوتنێکە بۆ پرسی کوردستانیەتیی و سەربەخۆیی کوردستان.

2005-12-12